# IRAQ | عێراق

## USCIRF–RECOMMENDED FOR SPECIAL WATCH LIST

کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینیی نێودەوڵەتی (USCIRF) کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی دووانەیی حکومەتی فیدراڵیی ئەمریکایە کە چاودێری مافی جیهانی بۆ ئازادیی ئایینی یان بیروڕا لە دەرەوەی وڵات دەکات. ئەم کۆمسیۆنە پاڵپشت بە یاسای نێودەوڵەتی ئازادیی ئایینی (IRFA) لە ساڵی 1998-ەوە دامەزرێنراوە. کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF) پێوەری نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات بەکاردەهێنێت بۆ چاودێریکردنی توندوتیژی بەرانبەر ئازادی ئایینی یاخود بیروڕا و هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاسپاردەی سیاسیی پێویست بۆ سەرۆک و وەزیری دەرەوە و کۆنگرێس. کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF) قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیایە و پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان-ەوە نییە. ڕاپۆرتی ساڵانەی 2021 باس لە تەواوی کارەکانی ساڵێکی کارمەندانی کۆمسیۆن و ستافی پسپۆران دەکات کە بریتین لە تۆمارکردنی توندوتیژیی مەیدانی و ئامادەکردنی ڕاسپاردەی سیاسەتی سەربەخۆ بۆ حکومەتی ئەمریکا. مەودای کاری ڕاپۆرتی ساڵانەی 2021 لە کانونی دووەمی 2020-ەوە دەستپێدەکات تا کانونی یەکەمی 2020، هەرچەندە لەهەندێک حاڵەتدا باس لە هەندێک ڕووداوی گرنگی دیکەش دەکات کە لە پێش یان پاش ئەم ماوەیەوە ڕوویانداوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF)، سەیری ماڵپەڕەکە بکە لێرە یاخود ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە USCIRF-ەوە بکە لەڕێی ژمارە تەلەفۆنی 202-523-3240.

### دەرەنجامە سەرەکییەکان

لە ساڵی 2020، ڕەوشی ئازادیی ئایینی لە عێراق بە خراپی مایەوە سەرەڕای ئەو ڕێکەوتنە زۆر گرنگەی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) و حکومەتی عێراقی فیدراڵ (IFG) لەسەر دۆخی ئاسایشی شەنگاڵ لە مانگی تشرینی یەکەم-دا واژۆکرا بە مەبەستی پاراستنی کەمینە ئایینەکان. نزیکەی پاش چوار ساڵ لە ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، هێشتا کەمینە نەتەوە و ئایینەکان لە دەشتاییەکانی نەینەوا و شەنگال بەردەوام تووشی ئاستەنگی گەورە دەبونەوە لە کاتی گەڕانەوەیان بە سەلامەتی بۆ شارۆچکە و ماڵەکانی خۆیان لەو کەمپانەوە کە بۆ پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان (IDP) درووستکرابون. لە نێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا ترس لە چەوساندنەوە و ئەگەری دوبارە سەرهەڵدانەوەی داعش و گروپەکانی هاوشێوەی داعش لە گەشەسەندندایە. ئەو گروپانەی لە لایەن دەوڵەتی ئێران-ەوە پاڵپشتی دەکرێن و بەشێکن لە هێزەکانی یان یەکەکانی حەشدی شەعبی بەردەوام بوون لە بێزارکردنی کەمینە ئایین و نەتەوەکان لە باکوری عێراق بە تایبەتی، ئەمەش ڕەوشی بەرەوپێشچوونی ئازادیی ئایینی سەختتر کرد. لە ساڵی 2020، هێزەکانی حەشدی شەعبی بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک لە دەشتاییەکانی نەینەوا و شەنگال چالاکییان ئەنجامدەدا و پێشێلکاری زۆر خراپیان بەرانبەر ئەم کۆمەڵگەیانە ئەنجامدەدا کە بۆ ماوەیەکی درێژە لە دۆخێکی پڕ مەینەتیدان.

هەرچەندە هاوکارییە مرۆییەکانی ئەمریکا و خێرخوازە نێودەوڵەتییەکان هاوکاربوون لە باشکردنی ژێرخانی ئابوریی باکوری عێراق کە پێشتر داعش وێرانی کردبوو، لە ساڵی 2020 ڕێژەیەکی بەرچاوی کەمینە ئایین و نەتەوەکان هەستیان بە سەلامەتی نەدەکرد تاوەکو بگەڕێنەوە بۆ ژیانکردن لە زێدی خۆیان. زیاتر لە یەک ملیۆن عەرەبی موسوڵمانی سوننی بە ناچاری بە ئاوارەیی مانەوە، لە ناوخۆ و دەرەوەشدا. ئەوانەی تۆمەتبار کرابون یان گومانی ئەوەیان لێدەکرا هاوکاری داعش-یان کردبێت بەردەوام ترسی ئەوەیان هەبوو تۆڵەیان لێبکرێتەوە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان لەو شوێنانەدا کە پێشتر لەژێر قەڵەمڕەوی داعش-دا بوون. کەمینە یەزیدییەکان بە لاوازی مانەوە و بەشێکی زۆریان هێشتابە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو شوێنانی دیکەدا پەرش و بڵاو بون و دەرفەتی گەڕانەوەیان بە سەلامەتی بۆ سەر خاکی خۆیان لە شەنگال سنوردار بوو. ژیان لە کەمپەکانی ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران هەڕەشەی هێزەکانی نزیک لە داعش و گروپە میلیشیا نەیارەکانی تری بۆ سەر یەزیدییەکان زیاتر کرد. بۆ نمونە، لە ماوەی ئەم ساڵەدا داعشبەشوێن کچان و کوڕانی یەزیدیدا دەگەڕا و بازرگانی پێوە دەکردن یان ناچاری دەکردن چالاکیی نایاسایی دیکە ئەنجام بدەن. جگە لەمە، لەو 6,000 کچ و ژنە یەزیدییانەی کە داعش لە 2014 فڕاندبونی، لەم ساڵەدا تەنها چەند سەد کەسێکی کەمیان توانییان بە خێزانەکانیان شاد ببنەوە. بێتوانایی عێراق لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی یەزیدی توشی ترۆمای بەکۆمەڵ ببنەوە. هەروەها، لە ساڵی 2020 زۆرێک لە مەسیحییە عێراقییەکان لە باکوری عێراق بە ئاوارەیی مانەوە ، ئەوانەشی توانییان بگەڕێنەوە، ماڵەکانیان وێرانکرابوو یان خاوەندارێتی موڵکەکانیان لێسەندرابویەوە، لە نێو ئەو شوێنانەش شوێنی پەرستن هەبوو.

هێرشە ئاسمانیەکانی تورکیا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دیکە بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە باکوری عێراق، بە تایبەتی لە ناوچەی شەنگال، دۆخەکەی خراپتر کرد لەبەرئەوەی ئەم هێرشانە بوونە هۆکاری زیان گەیاندنی زیاتر بەو کەمینە ئایینی و نەتەوەییانەی کە پێشتریش زیانیان بەرکەوتبو. بەپێی ڕاپۆرتەکان هێزی سەربازیی تورکی کەمترین ڕێکاری گرتۆتە بەر لەپێناو بە ئامانج نەگرتنی کەسانی مەدەنی لە ناوچەکەدا. بۆ نمونە، لە مانگەکانی حوزەیران و تەممووزدا پێشڕەویی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ ناو شەنگال لە چوارچێوەی "ئۆپەراسیۆنی چرنووکی هەڵۆ" و "ئۆپەراسیۆنی چنگی پڵنگ" بوە هۆی گیانلەدەستدانی چەندین هاوڵاتیی مەدەنی و بریندار‌بوونی دەیانی دیکە.

لە ساڵی 2020، لە هەنگاوێکی ئەرێنیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری کەمینەکان-ی دامەزراند بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی هەوڵی چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنی کێشەی کەمینە ئایین و نەتەوەکان لە هەرێمەکەدا.

### ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکی

- عێراق بخاتە ناو لیستی چاودێریی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی بەشداریکردن یان ڕێگەدان بە پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەری ئازادیی ئایینی بە پشتبەستن بە یاسای ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (IRFA)؛
- لە چوارچێوەی پەیوەندییە دوو قۆڵییە گرنگەکان، هانی حکومەتی عێراق بدات سیاسەتی ڕاگەیەندراوی خۆی پەیوەست بە جڵەوگرتن و دانانی سنور بۆ حەشدی شەعبی جێبەجێبکات، بە تایبەتی ئەو هێزانەی بەردەوامن لە نانەوەی ئاژاوە و برەودان بە توندوتیژیی تایەفی، ئاستەنگ درووست دەکەن بۆ گەڕانەوە و بووژاندنەوەی یەزیدیەکان و مەسیحیەکان و عەرەبە موسوڵمانە سوننییەکان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە لە باکوری عێراق و/یان دەستتێوەردان دەکەن لە دژی جوڵانەوەی ناڕەزایەتیەکان یان خۆپیشاندانەکان لە بەرژەوەندی خواستەکانی ئێران؛
- پەیوەندی دیبلۆماسی و ڕێگا بەردەستەکانی دیکە بەکاربهێنێت بۆ هاندانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان بەپێی ماددەی 140-ی دەستوری عێراقی و بەشدارپێکردنی کەمینە ئایین و نەتەوەکان لەم پرۆسەیەدا و جێبەجێکردنێکی گشتگیرانەی ڕێکەوتنی شەنگال بە بەشدارپێکردنی کۆمەڵگەی یەزیدی بە تایبەتی؛
- سزای دیاریکراو بسەپێنێت بەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی کە ئاڕاستەی میلیشیاکانیان دەکەن بۆ پێشێلکردنی ئازادیی ئایینی ئەویش بە سڕکردنی سەرمایەی ئەو سەرکردانە و/ یان ڕێگریلێکردنیان بۆ هاتنە ناو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پشتبەستن بە دەسەڵاتەکانی ڤیزە و دارایی کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ، کە تێیدا بە تایبەتی ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی ئازادی ئایینی کراوە؛

- بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی کەمینە ئایین و نەتەوەکان بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگەکەیان، کە پێشتر لە لایەن داعشەوە وێران کراوە، و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان، لەوانەش سازدانی گفتوگۆیەکی فراوان بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان و سازدانی هەڵبژاردنی ناوخۆیی و هەرێمیی دادپەروەرانە و ئازادانە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیان.

### چالاکیی و سەرچاوە گرنگەکانی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF)

- *سیاسەتی نوێکراوە:* پاراستنی کەمینە ئایینەکان لە باکوری عێراق
- *لێدوانی ڕۆژنامەوانی:* USCIRF ئیدانەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری عێراق دەکات

## باکگراوند

زۆرینەی دانیشتووانی عێراق موسوڵمانن: نزیکەی 64-69 لە سەدی موسوڵمانی شیعەن و 29-34 لە سەدی موسوڵمانی سوننین. زۆرینەی موسوڵمانە شیعەکان لە باشور و هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات نیشتەجێن، لە کاتێکدا سوننیەکان لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاست و باکوری وڵاتەکە دەژین.لە عێراقدا نزیکەی زیاتر لە 200,000 مەسیحی هەن کە سەر بە چەندین ڕێبازی جۆراوجۆرن لەوانە کاثۆلیک، ئۆرثۆدۆکس، پرۆتێستانت و زۆرینەیان لە دەشتی نەینەوا لە باکوری عێراق نیشتەجێن. بەڵام، ژمارەی مەسیحییەکان لە ساڵی 2003-وە لە داکشاندایە، کە ئەوکات ژمارەیان بە 1.5 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرا. هەروەها نزیکەی 700,000 یەزیدی نیشتەجێی ئەم وڵاتەن، کە زۆرینەیان وەک ئاوارەی ناوخۆیی ماونەتەوە، هەروەها نزیکەی 150,000 کاکەیی لە عێراق هەن، کە بە یارسان یان ئەهلی حەق ناسراون. ئەم دوو کۆمەڵگەیە بە زۆری لە باکوری عێراقدا بڵاو بونەتەوە. لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەیەکی بچوکی جولەکەش لە بەغداد و هەولێر نیشتەجێن.

## چەرمەسەری کەمینە ئایینەکان لە باکوری عێراق

شەش ساڵ پاش ڕاکردنیان لە کۆمەڵکوژیەکەی داعش، هێشتا کۆمەڵگەی یەزیدی بەردەوام تووشی ئاستەنگی قورس دەبن لە بەدەستهێنانەوەی خاک و ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییان. شوێنی هەزارەها ژن و کچ و کوڕی ڕفێندراوی یەزیدی هێشتا نەزانراوە. سەرەڕای هەوڵە پێکەوەییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی ڕفێندراوەکان و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان، تەنها کەمێکیان لە ساڵی 2020 توانیویانە بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. نزیکەی 2,800 یەزیدی ڕفێندراو هێشتا بێسەروشوێنن و بەپێی ڕاپۆرتەکان زۆرێکیان هێشتا بازرگانییان پێوە دەکرێت لە بوارەکانیلەشفرۆشیکردنی ناچاری، کارکردن بەزۆر یان تیرۆر.لەگەڵ ئەمانەشدا، زۆرێک لە جەنگاوەرانی داعش کە بەرپرسیارن لەم کارە دزێو و دڕندانە هێشتا دەستگیرنەکراون سەرەڕای داوای یەزیدییەکان بۆ دەستگیرکردنیان. نوێکردنەوەی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرپرسیارکردنی داعش لەو تاوانانەی ئەنجامی داوە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 2020 کە بەردەوام بوو لە بە بەڵگەنامەکردنی کارە دزێو و دڕندانەکانی داعش و دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ماوەی ئەم ساڵەدا، هەندێک هیوابەخش بوو.

سەرەڕای هەوڵەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە لایەن حکومەتی ئەمریکییەوە بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی کەمینە ئایین و نەتەوەکانی باکوری عێراق، ئاستەنگی زۆر هەبوون لە ساڵی 2020-دا. هەبوونی گرویەچەکدارەکان و خاڵەکانی پشکنین لە ناو و دەرەوە و نزیکی شەنگال و دەشتاییەکانی نەینەوا، بە تایبەتی لە لایەن ئەو قەوارانەی ناو حەشدی شەعبی-یەوە کە لە لایەن ئێران-ەوە هاوکاری دەکرێن، ڕێگەیان لە کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان گرتووە لە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگەکانی خۆیان. لە خاڵەکانی پشکنین ، چەکدارەکانی حەشدی شەعبی داوایان کرد کە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، بە تایبەتی کەمینە ئایینەکان، پارەیەکی زۆر بدەن تا بپەڕنەوە ئەگەر نا دەیانگەڕاندنەوە بۆ ئەو کەمپانەی لێوەی هاتوون. بەهۆی ئەم جۆرە کردارە ستەمکارانە و کرداری هاوشێوەی ئەمانە، کەمتر لە 50 لە سەدی مەسیحییە ئاوارەکان توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لەدوای ڕووخانی داعش لە ساڵی 2017-دا. دەیەها هەزار کەس لە کۆمەڵگەی مەسیحی لە کەمپەکانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان لە دۆخێکی سەخت و نامرۆڤانەدا مانەوە. ئەو مەسیحییانەی توانییان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان توشی ئاستەنگی نوێ هاتن ، لەوانە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بارودۆخی خراپی ئابوری و دزرانی کەلوپەلەکانیان.

## ئاستەنگە ئەمنییەکان لە باکوری عێراق

هەبوونی بەردەوامی هێزە چەکدارە نەیارەکان، کە لە لایەن چەند یاریکەرێکی جیاوازی هەرێمییەوە پاڵپشتی دەکرێن لەبەر هەبوونی بەرژەوەندی جیاواز لە باکوری عێراق، بووە هۆی ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم گەشەسەندنی ئاسایش لە ساڵی 2020-دا. ڕێکەوتنی ئاسایشی شەنگال ، کە لە مانگی تشرینی یەکەمدا واژۆ کرا و ئامانج لێی کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بوو خزمەتی بە کێشەکانی تایبەتمەند بە ئاسایش کرد لە باکوری عێراق. بەڵام، ئەم ڕێکەوتنە ڕەخنەی زۆری لێگیرا بەهۆی ئەوەی نەیتوانی نیگەرانی و کێشەی یەزیدییەکان چارەسەر بکات. یەزیدییەکان لاوازترین کۆمەڵگەن و لە هەموو ئەوانیتر زیاتر تووشی ترۆمای دەروونی بەکۆمەڵ بوون. بۆ نمونە، ڕێکەوتنەکە ڕێگەی بە حکومەتی هەرێم دا کە قایمقامێک بۆ شەنگال دابنێت بەبێ بەشدارپێکردنی یەزیدییەکانی ناوچەکە و ڕاوێژپێکردنیان. کەمینە ئایینەکان بەردەوام لە ترسی ئەوەدا بوون کە لە شکستی حکومەتی هەرێم و عێراق بە گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی ئەمنی لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان ڕێگە خۆش بکات بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش لەو ناوچانەی کە بە زۆری کەمینەکان لێی نیشتەجێن. بۆ نمونە، لە مانگی نیسان-ی 2020، حکومەتی عێراق هەڵیکوتایە سەر ماڵێک لە حەویجە، کەرکوک کە تیایدا دەستەیەک داعش خۆیان تیادا حەشار دابوو. جگە لەمەش، هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا لە باکوری عێراق ئاستەنگێکی دیکەی ئاسایشی درووستکرد لەبەر ئەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە بەردەوامە سەربازییانە زیاتر بونە هۆی نەهێشتنی سەقامگیری لەو ناوچانەی شەنگال کە یەزیدییەکانی لێ دەژیان.

## کێشەکانی دیکەی ئازادیی ئایینی لە عێراق

لە ساڵی 2020، دۆخی ئازادیی ئایینی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بە بەراورد بە ساڵی پێشتر وەک خۆی مایەوە، هەرچەند حکومەتی هەرێم وەزارەتێکی نوێی بە ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری کەمینەکان دروستکرد بە مەبەستی زیاتر چەسپاندنی مافەکانی کەمینە ئایین و نەتەوەکان. جگە لەمانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو لە لەخۆگرتنی هەزارەها ئاوارەی ناوخۆیی کە لە ساڵانی پێشتردا لە دەستی داعش هەڵهاتبوون——ئەمانەش بریتی بوون لەکۆمەڵگەکانی یەزیدی، مەسیحی، تورکمان و شەبەک. نەبوونی ئاسایش لەناو ئەم کۆمەڵگەیانە و ناوچە جێناکۆکەکان بەردەوام بوو لە ماوەی ساڵەکەدا.

دۆخی ئازادیی ئایینی لە عێراق، جگە لە باکوری عێراق، بە خراپی مایەوە. هەرچەند هەوڵەکانی ئاشتکردنەوەی سوننی-شیعی بەردەوامییان هەبوو، بەپێی ڕاپۆرتەکان تەنها چەند بەرەپێشچوونێکی کەم هەبوو لەم ڕووەوە. حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ ڕەتی کردەوە یاسای کوفر و هەڵگەڕانەوە لە دین پوچەڵ بکاتەوە و بەردەوام بوو لە نکۆڵیکردن لە بە فەرمی ناساندنی گروپی کەمینە ئایینەکان و بێدینەکان، لە نێویاندا بەهاییەکان، شایەتحاڵەکانی جێهۆڤا، مرۆڤدۆستەکان، کاکەییەکان و ئەوانیتر. لە کۆتاییدا، پرۆسەی"ڕیشەکێشکردنی بەعس"، کە ئامانج لێی لابردنی بەرپرسانی حیزبی بەعس بوو لە حکومەتی دوای 2003، لە یاسای عێراقیدا بە جێگیری ماوەتەوە، زەمینەی سازکرد بۆ ئەنجامدانی جیاکاری دژی موسوڵمانە سونییەکان.

## سیاسەتی گرنگی ئەمریکا

لە ساڵی 2020، حکومەتی ئەمریکی بەردەوام پاڵپشتی گروپەکانی کەمینە ئایین و نەتەوەکانی کرد و کۆمەڵگەکانیانی بنیاد نایەوە لەڕێی پاڵپشتی دارایی و سیستماتیک هەروەها بەشدارپێکردنی مەدەنی و سیاسی. لەپاش ڕووخانی داعش لە ساڵی 2017، بریکاری

ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) بڕی 438 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خەرجکردوە بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانی بنیادنانەوە لە عێراق، لەم پارەیەش 38 ملیۆنی تەنها لە ساڵی 2020-دا خەرجکراوە. جگە لەمەش، حکومەتی ئەمریکا بڕی 60 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە عێراق بەخشی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی پەتای کۆڤید-19.

هەروەها حکومەتی ئەمریکی ڕێکاری توندی دژی ئەو کەسانە گرتە بەر کە بەرپرس بوون لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. بۆ نمونە، لە مانگی کانونی دووەمی 2021-دا، ڕاستەوخۆ پاش تەواوبوونی ماوەی ئەم ڕاپۆرتە،وەزارەتی دارایی ئەمریکا سزای ماگنیتسکی جیهانیی سەپاندبەسەر سەرۆکی حەشدی شەعبی و ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق فالح الفیاض-دا بەهۆی تێوەگلانیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا. بەرپرسانی ئەمریکا لە بەغداد، هەولێر و واشینتۆن بەردەوام بوون لە تاوتوێ کردنی پرسی ئازادیی ئایینی لەگەڵ هاوتا عێراقییەکانیاندا.